
# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library NO. 13 – 13/10/2010


# یاداشتەكانی هونەرمەند حەمە جەزا لەكتێبخانەی كوردیدا




خوێنەری كورد كە تا چریكەی دەنگی (حەمە جەزا) لە گوێماندا بزرنگێتەوە، ئەویش هەر بەنەمری بمێنێـەوە.

**ئاسۆی كتێبخانە**

هـەزار حـەیف و مـەخابن، دەنگێك كەسۆزی لەچریكەی بولبول و دڵپاكیی و بەخشندەیی لەجوانییەكان و خەباتگێڕیی لەچیا سەركەشەكانی كوردستان خواستبوو، دوای ململانێی سەخت لەگەڵ نەخۆشییدا چووەوە ئامێزی ئەو خاكەی بەدرێژایی تەمەنی گوڵە سرووودی نەبەردی و تۆوی ئاوازی تیا رواند.

هونەرمەندی گەورەو پێشمەرگەی دێرین (كاك حەمە جەزا) بەمەرگی خۆی سۆیی خستە دڵی شەیدایانی هونەرەكەی، كەژمارەیان هێندەی ژمارەی گوڵەكانی نیشتمانە.

ساڵێك لەمەوبەر، بەرلەوەی ماندوێتی برست لەجەستەی هونەرمەندی هەڵكەوتوومان بستێنێت، لەئامادەكردنی خەمخۆرو هاوڕێی دەیان ساڵەی هونەرمەند (كاك عەبدوڵڵا عوسمان عەلی) كتێبی (حەمە جەزا.. هونەرمەندو پێشمەرگەی دێرین) خرایە نێو كتێبخانەی كوردییەوە، ئەم كتێبە كە لە (٤٣٦) لاپەڕەدایە بریتییە لە یاداشتەكانی كاك حەمە جەزا و سەربوردەی ژیان و خەباتی دەیان ساڵەی پێشمەرگەی هونەرمەند، ئەمە بێجگە لە چەندین وتار كە لەوەوبەر سەبارەت هونەری باڵای ئەو هونەرمەندە نووسراون.


كاك عەبدوڵڵا بەم كارەی بەتەنیا خزمەتی بەهونەرو هونەرمەندە گەورەكەمان نەگەیاندووە، بەڵكو شاكارێكی سپاردووە بە كتێبخانەو

## هیوای زیاتر

بەناوی سەرۆكایەتی بەشی زانیارییەكان و كتێبخانە لە پەیمانگای تەكنیكی هەولێر، پڕ بەدڵ پیرۆزبایتان ئاراستە دەكەین بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دەركردنی بڵاوكراوەكەتان، بڵاوكراوەی(**ئاسۆی كتێبخانە**)، هیوادارین نموونەتان زۆربێت و پەرە بەزانستی كتێبخانەكان بدەن..دەستی ماندووبوونتان دەگوشین و هەر سەركەوتووبن.

**ئەندامانی دەستەی وانەبێژان**
**لە بەشی زانیارییەكان و كتێبخانە**
**پەیمانگای تەكنیكی هەولێر**

## سەد ساڵ تەنیایی..كاریگەرترین كتێب



رۆمانی(سەد ساڵ تەنیایی) رۆماننووسی كۆلۆمبیایی (گابریل گارسیا

ماركیز) وەكو كاریگەرترین كتێبی ئەدەبیی جیهان لەماوەی ئەم(٢٥) ساڵەی دواییدا دەستنیشانكرا. بەپێی هەواڵی(ئیسنا)، لەم ماوەی دواییدا راپرسییەك بۆ هەڵبژاردنی كاریگەرترین كتێبی ئەدەبی جیهان لەنێوان(٢٥) نووسەری گەورەی دنیادا ئەنجامدراو ئەو نووسەرانە رایان لەسەر ژمارەیەك كتێب داو لەئەنجامی ئەو راپرسییەدا دەركەوت رۆمانی(سەد ساڵ تەنیایی) گابریل گارسیا ماركیز خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی ساڵی ١٩٨٢ پلەی یەكەمی بەدەستهێناوەو بۆ زۆرترین زمانەكان وەرگێڕدراوە.

**پایگاه فرهنگ و هنر ایران**




| جۆری كارت | بڕی باڵانسی بێ بەرامبەر بە دینار |
|---|---|
| ٥,٠٠٠دینار | ٣٠٠ |
| ١٠,٠٠٠دینار | ٨٠٠ |
| ٢٥,٠٠٠دینار | ٣,٠٠٠ |
| ١٠٠,٠٠٠دینار | ١٥,٠٠٠ |
| $٥ | ٤٠٠ |
| $١٠ | ١,١٠٠ |
| $٢٠ | ٢,٥٠٠ |
| $٣٠ | ٤,٠٠٠ |
| $٥٠ | ٧,٠٠٠ |
| $١٠٠ | ١٨,٠٠٠ |

# وەزیری رۆشنبیری و لاوان (ئاسۆی كتێبخانە) دەنرخێنێت

بەرامبەر بەدەركردن و بڵاوكردنەوەی (**ئاسۆی كتێبخانە**)، بەڕێز د.كاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و لاوان بەفەرمانی وەزاریی ژمارە (٨٣٨٨) رێزو سوپاسی خۆی پێشكەش بەستافی بڵاوكراوەكە كردووەو تیایدا هاتووە:

بەرێزان لە ستافی بڵاوكراوەی (**ئاسۆی كتێبخانە**) لەبەرامبەر ئەرك و ماندووبوونیان و لێهاتووییان لە دەركردنی بڵاوكراوەكەدا سەرەڕای ئەركەكانی سەرشانیان؛ بەشێوەیەكی كارامەو دڵسۆزانە شایستەی رێزو سوپاسن، هیواخوازین هەمیشە سەركەوتووبن و وێنەیان زۆر بێت.

**ئاسۆی كتێبخانە**: بەرامبەر ئەو ئاوڕدانەوە دڵسۆزانەیە، ئاواتەخوازین ساڵی دووەمی بڵاوكراوەكە؛ بكەینە ساڵی گەشەپێدانی زیاترو هێنانەدیی خواستی بەرێزیان و سەرجەم خوێنەران.

## رێبەرێك بۆ كتێبخانەی گشتیی سلێمانی




دەكەوێتە ١٩٤٤/١٠/١٣، زنجیرەی ژمارە (٣)ی بڵاوكراوەكانی بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەكانی كتێبخانە، ئەمڕۆ (٢٠١٠/١٠/١٣)، رێبەری كتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەكەوێتە بەردەست، كەبریتییە لە كورتەیەك دەربارەی مێژووی كتێبخانەو ناوی ئەمیندارو بەڕێوەبەرانی، هۆڵ و بەشەكانی كتێبخانە، لەگەڵ دیاریكردنی ئەركی هەریەكەیان.

ئەم رێبەرە كە لە ٥٢ لاپەڕەدایەو لەسەر ئەركی پارێزگای سلێمانی بە تیراژی هەزار دانە لەچاپدراوە لە ئامادەكردنی خاتوو (سروە مەحمود)و پێداچوونەوەو پێشەكیی بەڕێز (یاسین قادر بەرزنجی)یە.

هاوكات لەگەڵ یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی كتێبخانەماندا، كە

## سیمینارێك لە گۆشەی ئەمریكی



رۆژی ٢٠١٠/٩/٣٠ وۆرك شۆپێك لە گۆشەی ئەمریكی كتێبخانەی گشتیی سلێمانی بۆ بەڕێز سارا مێركادۆ فەرمانبەری دیپلۆماتی گشتیی لە تیمی ئاوەدانكردنەوەی هەرێمی RRTی سەربە باڵیۆزخانەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە عێراق بۆ (٣٠) خوێنكاری هەردوو پەیمانگای (ملنیۆم و بریتانیا كۆلیج) بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی سازكرا، تا بەگۆشەی ئەمریكی شارەزایان بكەن.

هەر لە وۆرك شۆپەكەدا بڕوانامەی رێزلێنان بەخشرایە كاك (سۆران سەردار رەشید) وەك رێكخەر و خاتوو (ڕازاو رەووف قادر) وەك جێگری رێكخەر لەگۆشەی ئەمریكی، بۆ ئەرك و ماندووبوونیان لە بەڕێوەبردنی كارەكانیان لە كتێبخانەی گشتیی سلێمانی.

## پیشانگای ئەمساڵی كتێب لە فرانكفۆرت







**بێستون فەرهاد**

ساڵانە پیشانگای كتێبی فرانكفۆرت لە (٦-١٠)ی تشرینی یەكەم بەڕێوەدەچێت، ئەمساڵ نزیكەی حەوت هەزار بڵاوكەرەوە بەشدارییان تێدا كرد، لەوانیش (٦٠٠)ی ئەمریكی و (٨٠٠) ی بەریتانی بەرهەمەكانی خۆیان تیادا خستەڕوو، كەزۆریەیان رۆمانی وەرگێڕدراو بوون، وێڕای كتێبی دیكە، هەروەها لەپیشانگاكەدا بڵاوكەرەوەكان مافی وەرگێڕانی كتێبەكانیان بەزمانەكانی دیكە فرۆشتەوە.

جێگای ئاماژەپێدانە ئەڵمانیا گەورەترین بازاڕی فرۆشتنی كتێبە لەجیهاندا. ئەوەی مایەی سەرنجە، بەپێی راپۆرتەكانی پیشانگاكە كتێبی ئەلیكترۆنیی هەڕەشە لەكتێبی كاغەزین دەكات، بەڵام بەپێی (٧٨٥) پرۆژەی لۆكاڵیی یەكێتیی پەخش و فرۆشتنی كتێب لەئەڵمانیا كە لەماوەی رابردوودا لێكۆڵینەوەیەكی بڵاوكردۆتەوە، كتێبی ئەلیكترۆنیی مایەی مەترسی نییە بۆ كتێبی كاغەزین وهەردووكیان تەواوكەری یەكترین.

**الجريدة الكويتية**


سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی
راوێژكاران: ئاری بابان ـ شێرزاد سەعید
ستافی كارا: ساكار عەلی عەبدوڵڵا ـ تابان حەسەن هادی
نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد
تایپ و هەڵەبڕی: بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین
كارگێڕی: ئاشتی دانش



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، كتێبخانەی گشتیی
ت: ٣٢٠٢٧١٦، ٠٧٧٠١٥٢٧٣٣٧
Email: asoyktebkhana@yahoo.com